


# " ڕۆڵی پەرلەمان و ئەزموونی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا "

## بنەما دیموکراتیەکان

ئەم سیستەمە سیاسییەی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی سیستەمی هاوچەرخی جیهانی لەسەر هەندێك بنەمادامەزراوەو خۆی لە یاسای ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 1992 دا دەبینێتەوە کە بەم شێوەیە بەڕێوەدەچێ :

1- بنەمای هەڵبژاردنی گشتی
2- بنەمای هەڵبژاردنی نهێنی
3- بنەمای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ
4- بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد .

## سەرچاوەی پرۆژە پێشکەشکراوەکان

بەپێی یاسا لەسێ ڕێگاوە پرۆژە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ :

1. رابەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد .
2. ئەنجومەنی وەزیران
3. لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ، بەوەی هەر ( 10 ) ئەندامی پەرلەمان مافی پێشکەش کردنی پرۆژەیەکی یاساییان هەیە .

## بەردەوامبوونی پەرلەمان

پاراستنی پەرلەمانی کوردستان ئەرکێکی گرنگی سەرشانی هەموو کەسێکی کوردستانە ، چونکە دژایەتی کردنی پەرلەمان و نەپاراستنی ، واتە نەمانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و گورز وەشاندنە لە ئیرادەی گەلی کوردستان .

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دوو بۆ چوون هەیە : یەکێکیان دەڵێ پەرلەمان شەرعییەتی نەماوەو بەردەوامبوونی شەرعی نییە ، بۆ چوونی دووەمیش ، پشت ئەستوورە بە نیسابی یاسایی دانیشتنەکان و بنەمایاساییەکانی درێژکرانەوەی ماوەی پەرلەمان ، دەڵێ پەرلەمان شەرعییە و دەبێ بمێنێ و بپارێزدرێ ، چونکە ئەگەر تۆ پەرلەمانت نەما ناتوانی تەشریعاتی یاسایی دەربکەی ، هەروەها ئەگەر پەرلەمان نەما ، پرەنسیپی لێك جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوونیان نامێنێ .

ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە رەت دەکرێتەوە :

1- ئەزموون نامێنێ
2- پرەنسیپی لێکجوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان نامێنێ و کۆکردنەوەیان لە دەستی کەسێك یا دەستەیەك ، دژی دیموکراتییە .
3- چارەنووسی هەر هەڵبژاردنێك دەبێتە بارمتە لەدەست لایەنێکی سیاسی .
4- لەگەڵ هاوکێشەی خۆبەڕێوەبردندا ناگونجێ .
5- گەل بڕوای بەخۆی نامێنێ .

لەسەر ئەو بنەمایانەوە ، ئێمە بە هەموو توانایەك بەرگری لە پەرلەمان و مانەوەی پەرلەمان دەکەین ، چونکە سەرچاوەی سەرەکی و شەرعی ئیدارەی کوردستانە .

## شەرعیەتی پەرلەمان

پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی خۆی لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەردەگرێ :

- هەڵبژاردنی 19 / 5/ 1992 ، بەو پێوانەیەی کە گوزارشتی ئیرادەی گەلی کوردستان بوو .
- لەبڕیاری ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 1992 .
- نیسابی یاسایی دانیشتنی پەرلەمان ( 53 ) ئەندامە ، بەڵام هەتا ئەمڕۆ ( 60 ) ئەندام ئامادەن .
- خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوارجار درێژکراوەتەوە :

1- 27 / 5 / 1995
2- 3 / 6 / 1996
3- 3 / 9 / 1996
4- 22 / 4 / 1998

## ئاستەنگەکان

دیارە هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونییەوە ، پەرلەمانی کوردستان لە بواری یاسادانانندا دوو ئاستەنگی هاتۆتە پێش ، ئەوانیش پەیوەنییان بە یاساکانی حکومەتی عێراقەوە هەبوو ، بە تایبەتی ئەوانەی تەنیا بۆ کوردستان داڕێژرابوون ، کە سنووری لە کارخستنیان بە چ شێوەیەك بێت ، هەروەها بەبەردەوام یاسا دەردەکات ، بەڵام چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین .

بۆچارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانە دووبڕیار لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو :

رادەیەك بۆ ئەو یاسایانە دابنرێن كە بۆ كوردستان دانراون و لەكاربخرێن ، بۆ ئەم مەبەستەش رۆژی 23 / 10 / 1992 مان هەڵبژارد ، ئەم بەروارەش ئەو رۆژە بوو كە حكومەتی عێراق ، وەكو حكومەت وازی لە ئیلتزاماتی خۆی بەرامبەر گەلی كوردستان هێناو دامودەزگا ئیدارییەكانی خۆی لە هەرێمی كوردستان كێشایەوە ، ئیدی ئەوەبوو بە بڕیاری ژمارە ( 11 ) لە 31 / 8 / 1992 ، پەرلەمانی كوردستان مافی بەخۆی داوە كە مافی نەفازی لە كوردستان پێ بداتن ، بەڵام تا ئێستا ئەو شتەمان نەكردووە .

## ئەزموونی هەرێمی كوردستان

ئاكامی هەڵبژاردنە گشتییەكەی ساڵی 1992 ی گەلی كوردستان بە ( ئەزموونی دیموكراتیی كوردستان) پێناسە دەكرێ ، واتە شەرعییەتی خۆی لە جەماوەری هەرێمی كوردستان وەرگرتووە ، لەم سۆنگەیەوە دەكرێ پێناسەی ئەزموونی كوردستان بكەین : پەرلەمان دەزگایەكە ، كە بەڕێگای هەڵبژاردن دامەزراوەو گوزارشت لە چەمكی دیموكراتیی سیاسی دەكات لەسەر ئەو بنەمایەی كە میللەت بەشداری لە دەسەڵات دەكات لە رێگای دەركردنی بڕیارو چاودێری كردنی جێبەجێ كردنیان لەسەر بنەمای جیاوازیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەكان
( یاسادانان – جێبەجێ كردن – دادگەری ) .

## میكانیزمی چاودێری كردن

ئەركی دووەمی پەرلەمان چاودێری كردنی دەسەلاتی جێبەجێ كردنە ، ئەم چاودێری كردنەش بە چوار رێگاوە ئەنجام دەدرێ :

1- متمانەدان و لێوەرگرتنەوەی متمانە بەحكومەت لەكاتی پێكهێناندا .

2- پرسیارو لێ پرسینەوە .

واتە هەر ئەندامێكی پەرلەمان مافی خۆیەتی پرسیار ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یا هەر وەزیرێك بكات ، بە مەرجێك :

- پرسیارەكە روون بێ
- شەخسی نەبێ
- گیانی تۆڵەسەندنەوەی تیا نەبێ
- بەرژەوەندی تایبەتی هیچ لایەكی تێدا نەبێ .
- نابێ پەیوەندی بە بابەتێكەوە هەبێ كە لە رۆژنامە یا دادگا باسی لێوەكراوە .
- هەر لیژنەیەك لە لیژنەكانی مافی ئەوەیان هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرێك یا فەرمانبەرێكی ئەو وەزارەتەدا بكەن .

3- دروستكردنی لیژنەی تایبەت بۆ لێكۆڵینەوە

4- گفتو گۆكردن و بڕیاردان لەسەر بودجەی ساڵانەی هەرێم و پێوانەی كۆتاییەوە .

## میکانیزمی یاسادانان

پەرلەمانی کوردستان دوو ئەرکی لە ئەستۆدایە ، یاسادانان و چاودێریی کردن ، هەر پرۆژەیەك کە دێتە پەرلەمان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان – دەکرێ ( کە لەسێ کەس پێکهاتووە : سەرۆکی پەرلەمان – جێگری سەرۆکی پەرلەمان – سکرتێری سەرۆکی پەرلەمان ) ، دواتر پرۆژەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر دەدرێ و دەخرێتە بەرنامەی کاری رۆژێکی دەست نیشانکراو بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ ، سەرۆکی پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات و ئاراستەی لیژنە تایبەتییەکان و لیژنەی یاسایی دەکات .

دووەمین خوێندنەوەش ئەو کاتە دەست پێدەکات کە لیژنەکان راپۆرتی خۆیان لەسەری پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان دەکەن ، ئەو کاتەش ، کاتێکی بۆ دیاری دەکرێ و پاشانیش دەخرێتە دەنگدانی گشتیەوە . دوای تەواوبوونی ئەم قۆناغەش ، دەچێتە قۆناغی کۆتایی ، لە دەوڵەتاندا سەرۆکی دەوڵەت ئیمزای یاساکە دەکات ، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەمدەسەڵاتە بە سەرۆکی پەرلەمان دراوە ، دواتر لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە ( لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ) کە لە وەزارەتی داد دەردەچێت و کاری پێ دەکرێت .

## گرنگترین یاسا و بڕیارەکان

هەر لەو رۆژەی پەرلەمانی کوردستان دەست بەکاربووە ن تا ئێستا زیاتر لە 360 بڕیارو یاسای دەرکردووە . گەورەترین و گرنگترین بڕیاریشی ( بڕیاری فیدرالیزم ) بوو ، یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان پەیوەست بە بیاڤێك یا ئەرکێك لە کاروباری حکومەت نین ، بەڵکو بەهەموو لایەنێکەوە پەیوەستن ( ئافرەت ، شارەوانی ، پێشمەرگە ، ماڤی مرۆڤ ، پەروەردە ، کۆمەڵگەی مەدەنی ... هتد ) ، هەروەها بە دەیان بڕیاری حکومەتی عێراقی لەکارخستووە هەموار کردووە ، چونکە لەگەڵ سیستەمی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و بنەماکانی ماڤی مرۆڤ نەدەگونجان .

## پەرلەمان و ئاشتیی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لەماوەی شەڕی ناوخۆدا لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاشتیدا رۆڵی گرنگ و پڕبایەخی بەجێهێناوە . لەو ماوەیەدا ئەندامانی پەرلەمان لە ناوخۆدا زۆر ئارام بوون و لە هەوڵەکانیدا بەردەوام بوون بۆ راگرتنی شەڕی نەگریسی ناوخۆ . راستە بەهۆی ئەم شەڕە بارودۆخێکی نالەباری بەسەرداهات و کەموکورتیەك پەیدابوو ، کە پەرلەمانی کوردستان نەتوانێ هەڵبژاردن بدات ، هەروەها زیاد لەوەش پەرلەمان شەڕی ناوخۆی تەحریم و تەجریم کردو ( 59 ) پەرلەمانتار بەسەرۆك و سکرتێری پەرلەمانەوە بۆ ماوەی ( 103 ) رۆژ دژی شەڕی خۆ کوژی لەناوپەرلەماندا پەنا گیربوون .

بەروار : 2 / 7 /2002